# مادەی ڕەوانبێژی

## بەشی یەکەم: لە بارەی (شێواز)ەوە

### تەوەرەی یەکەم: شێواز

شێواز: بریتییە لە ڕێگەکانی بەکارهێنانی زمان، بەو شێوەیەی کە قسەکەر بە جوانی دەبینێ.. بۆ نمونە:

ـ ئەو مندالە لە هەموو مندالآن ئاقلترە!

ـ چ مندالێك نییە، وەکو ئەو مندالە ئاقلە!

ـ کامە مندالّ وەکو ئەو مندالە ئاقلە؟

ـ خۆزگە مندالآنی تریش وەکو ئەو مندالە ئاقلّ بورونایە!

ڕاڤەو ڕوونکردنەوە

ـ ئەو مندالە لە هەموو مندالآن ئاقلترە!.. ڕستەیەکی ئەرێیە.. بە شێوازی هەواڵی هەواڵێکی بێگومان پێشکەش دەکات.

ـ چ مندالێك نییە، وەکو ئەو مندالە ئاقلە! .. ڕستەیەکی نەرێیە.. بە شێوازی هەواڵی هەواڵێکی بێگومان پێشکەش دەکاتن بە مە فهومی پێچەوانەیی هەر دەکاتە: ئەوەی کە دەڵێت: (ئەو مندالە لە هەموو مندالآن ئاقلترە).

ـ کامە مندالّ وەکو ئەو مندالە ئاقلە؟.. ڕستەیەکی پرسیارییە.. بە شێوازی پرسیاری هەواڵێکی بێگومان پێشکەش دەکات.. ئەویش هەر ئەوەیە، کە دەڵێت: (ئەو مندالە لە هەموو مندالآن ئاقلترە).

ـ خۆزگە مندالآنی تریش وەکو ئەو مندالە ئاقلّ بورونایە! .. ڕستەیەکی خۆزگەییە.. بە شێوازی خۆزی هەواڵێکی بێگومان پێشکەش دەکات.. ئەویش هەر ئەوەیە، کە دەڵێت: (ئەو مندالە لە هەموو مندالآن ئاقلترە).

کەوابێ: شێواز: بریتییە لە ڕێگەکانی بەکارهێنانی زمان، بەو شێوەیەی، کە قسەکەر بە جوانی دەبینێ.

**تەوەرەی دووەم: هەندێ تایبەتمەندی شێواز**

یەکەم: شێواز هەر چۆنێك بێ، بیر و تێگەیشتنی خاوەنەکەی پیشان دەدات.. بۆ نموونە:

کاتێك لە منداڵەکان دەپرسی: ناوتان چییە؟ وەهات وەڵامدەدەنەوە:

- ئەحمەد.
- ئازاد.
- تێکۆشەر.
- کاسترۆ.
- بێکەس.
- نیهایەت.
- کەسەر.
- گەشبین.

ڕاڤەو ڕوونکردنەوە

ئەگەر تەماشای ئەو ناوانەی سەروو بکەین، دەبینین:

- ئەحمەد.. دیارە باوکی موسڵمانێکی دیندارە.
- ئازاد.. باوکی کەسێکە لایەنی کوردایەتی و عیشقی ئازادیی زۆرترە.
- تێکۆشەر.. باوکی کەسێکە کوردپەروەرێکی ئاسایی نییە، بانگەشە بۆ خەبات و تێکۆشانیش دەکات.
- کاسترۆ.. بێگومان کوڕی کەسێکی کۆمۆنیستە.
- بێکەس.. کوڕی کەسێکی داماو و بێکەس و کارە.
- نیهایەت.. کچی کەسێکە، لەوانەیە کچی زۆر بێ و دوای سێ چوار کچان ئەو ناوەی لێنابێ، بۆ ئەوەی چیدیکە کچیان نەبێ و ئەمجارە کوڕی ببێ.
- کەسەر.. لە ئان و ساتی درووستبوونی غەم و کەسەرێك بۆ دایك و باوکی لە دایکبووە.
- گەشبین.. کچی دایك و باوکێکە، لەو بڕوایە دانە بەس گەشبینی چارەسەرەو ئومێدەخوازن ئەو کچەیان گەشبین بێ.

+ سەرنج

هەموو ئەو ناوانەی سەروو، ئەقڵیەت و بیری دایك و باوکەکان دەردەخەن، کە لەسەر چ بیرێکی دینی و سیاسی دامەزراون.

دووەم: شێواز هەر چۆنێك بێ، بە هۆی باری دەروونی قسەکەرەوە بەرهەمهاتووە.. بۆ نمونە:
کاتێك ژنە کابانەکان لە پیاوەکانی خۆیان دەپرسن: چێشتەکەم چۆنە؟.. دەشێ بەم شێوازانەو شێوازانی دیکەش وەڵامەوەربگرنەوە:

- باشە.
- زۆرباشە!
- باش...
- خراپ نییە!
- ئەرێ چییە هەموو ڕۆژێ دەپرسی؟؟؟
- کامە شیو؟ تخوا ئەوە شیوە لێت نایە؟!
- بە دەستی شکات ئەو شیوەی لێ بنێی!!!

ڕاڤەو ڕوونکردنەوە
ئەگەر لەم وەڵامانەی سەروو وردبینەوە، دەبینین:
- باشە.. (وەڵامی پیاوێکی ئاساییە)
- زۆرباشە! (وەڵامی پیاوێکی زۆرباشە، کە لەگەڵ ژنەکەشی زۆر ئاسوودەیە)
- باش... (وەڵامی پیاوێکە، کە شتێکی دیکەی لە دڵ دایە)
- خراپ نییە! (وەڵامی پیاوێکە، زۆر ئاسایی نییەو دەشێ گرفتێکی لەگەڵ خێزانی هەبێ)
- ئەرێ چییە هەموو ڕۆژێ دەپرسی؟ (وەڵامی پیاوێکی بێزارە لە پرسیارەکانی ژنەکەی)
- کامە شیو؟ تخوا ئەوە شیوە لێت نایە؟! (وەڵامی پیاوێکی توڕەیە لە ژنەکەی)
- بە دەستی شکات ئەو شیوەی لێ بنێی!!! (وەڵامی پیاوێکە، گەیشتۆتە ئەوەی لەسەر بچووکترین شت لەگەڵ ژنەکەی تێکبدات، واتە: توڕەییەکەی گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر خەتەرناك بۆ پەیوەندی ژن و مێردایەتییان)

+ سەرنج
هەموو ئەو وەڵامانە، بارگاوینە بە باری دەروونی ئەو پیاوانەی وەڵامی پرسیاری ژنەکانیان داوەتەوە.

## تەوەرەی سێیەم: ئەو هۆکارانەی شێوازە تایبەتەکان درووست دەکەن

**یەکەم: باری سیاسی**

هەموو هەل و مەرجێکی سیاسی جۆرێك لە شێوازی تایبەت درووست دەکات.. بۆ نمونە:

أ ـ لە قۆناغی شۆڕشگێڕی، شێوازی دەربڕینی ئەدەب پڕ لە حەماسەت دەبێ:

ـ هەستە تێکۆشە هەر وەکو هەنگ بە

لە مەیدانی ژین ئامادەی جەنگ بە... دڵدار

ـ بیست و حەوت ساڵە من ڕێنجبەری تۆم

بە نان و ئاو و جل و بەرگی خۆم

خزمەتم کردی لە ئێران و ڕۆم

کەچی تا ئێستا دیل و ڕەنجەڕۆم

تاوانم چ بوو، بەو دەردەت بردم

بۆچی بە ناهەق بەو دەردەت بردم... بێکەس

ب ـ لە کاتی دەسەڵاتی دیکتاتۆردا، شێوازی ڕەمزی بەکاردەهێنرێ، ئەوەبوو لە هەشتایەکان دار بەڕوو ببووە ڕەمز بۆ کورد، باسی داربەڕوو دەکرا، کە بەهێزەو لەناوناچێ، بە ڕەشەباو زریانەکان، ڕەشەباو زریانەکانیش ببوونە ڕەمز بۆ دوژمنان.

ئینجا شانۆگەرییەکان بە زۆری باسی خەباتی عەرەب لە دژی جولەکەو عومەر موختار لە دژی داگیرکەری ئیتاڵییان دەکرد، مەبەستیش پێشمەرگەو حکومەت بوون.

ج ـ لە کاتی ئارامی و ئازادیشدا بە ئارامی و ئاسایی شت بۆ نەتەوەو نیشتمان دەنووسرێ:

ـ کوردستان

نیشتومانی جوان

هەر بژی بە شادی

سەربەرزی و ئازادی

هەر بژی هەر بژی هەر بژی.. گۆران

**دووەم: ئایدۆلۆژیای جیاواز**

هەموو ئایلۆلۆژیایەك جۆرێك لە شێواز درووست دەکات.. بۆ نمونە:

أ ـ چەپی شۆڕشگێڕ شێوازی تووڕە بەرهەم دێنێ.. چەپی چەوساوە شێوازی سۆزاوی و ڕاکێشانی هەست و سۆزەکان بۆ خۆی بەرهەمدێنێ:

ـ تێکدەرین تێکۆشەرین
ئازاینە هەڵمەت بەرین
بۆ قەڵای سەرمایەدار
تێکدەرین تێکدەرین.. دڵزار

ـ لە هەر خاکێك دۆلار بژی
دەژیێنمەوە سەد گیڤارا... پەشێو

چەپی خەباتکەر بە خەباتی شێنەیی و سیاسیش باسی ناگزوری و چەوساوەیی تاکی کرێکار دەنووسێ و دەڵێ:

ـ من ئەو کەسەم هەموو ڕۆژێ ئەی ژین وای ژین
ژیانی ئەمڕۆم دەفرۆشم، بۆ کڕینی نانی سبەی...

ب ـ لە باری خەباتی نەتەوەیی ئاخێوەرەکان بە گشتی و ئودەباش بە تایبەت باس لە یەکبوون و یەکیەتی نەتەوەیی و خۆشەویستی گەل و یەکڕیزی و جوانیەکانی نیشتمان دەکات.. دەڵێ:

ـ ئەی کوردینە، ئەی مەردینە، با دەست لە ناو دەست بین هەموو
بۆ یەکیەتی خاکی وەتەن، بۆ سەربەرزی بژین هەموو بژین هەموو.. قانع

ـ ئەی وەتەن ڕۆم و عەجەم موشتاقی کوردستانتە
ئیفتیخاری میللەتی کورد شەوکەتی عینوانتە
بەسیە سەربەرزی سەبەینان و شەوانت ڕۆژ و شەو
وەك نیشانەی ئیفتیخاری سینگ و نەجمەی شانتە... ئەسیری

ـ ئیسلامی بێ.. باس لە خۆشەویستی خواو پێغەمبەر دەکاتەوە (درودو سلاوی خوای لەسەر).. باس لە خۆشەویستی گەل و وڵات و عەدالەت و برایەتی دەکات، بانگەشە لە بەها ڕەوشتییە باڵاکان دەکات.. دەڵێ:

ـ ئەی خودا هاتوومە قاپی تۆ بەدەم پاڕانەوە
تۆ بە بەخشین و منیش بە کۆمەڵێ تاوانەوە...

ـ پێغەمبەرەکەی خۆشەویستی خوا
خاتەمی نەبیت نەهاتووە لە دوا.. پیرەمێرد

**سێیەم: ئاینی جیاواز**

به گۆرانی ئاینەکان لە وڵاتەکان شێوازی ئەدەبی جیاوازیش درووست دەبن.. بۆ نمونە:
لای جولەکەکان هەقایەت و بەسەرهات و شیعر و گۆرانی بۆ موساو هارون و داودو سلێمان و پێغەمبەرانی تریان دەنووسرێت.. دەڵێن:
ـ بە موسا من ئەوەم نەکردووە!!

لای مەسیحیەکان هەقایەت و بەسەرهات و شیعر و گۆرانی بۆ عیساو دایکی دەنووسرێت و ئەوەی دەگوترێ خزمەت بە باسی مەسیحیەت دەکات..
ـ سوێند بە عیسای مەسیح من لەوێ نەبووم!

لای موسلمانان هەقایەت و بەسەرهات و شیعر و گۆرانی بۆ خوداو ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام و تەواوی پێغەمبەرانی تریش دەنووسرێ.. سوێندیش هەر بە ﴿الله﴾ دەخورێت:
ـ وەڵڵاهی من لەوێ بووم!

**چوارەم: رێبازی ئەدەبی جیاواز**
لای کلاسیکەکان ئەدەب بۆ خاسسەی گەل و چینی سەرووی گەل دەنووسرا، لە پاشاو دەسەڵاتداران و میر و میرزاکان، کە هەر ئەوانە رۆشنبیر بوون.. بۆیە شێوازی ئەدەب دەبوو زۆر بەرز بێ و بۆ ئەوە نەبوو هەموو کەسێکی سادە تێیان بگات:
ـ دوێنێ چ بوو دەتدا بە زوبان لافی کەرامەت
ئەمرۆ نەدەمت بوو، نەدەمت بوو، نەدەمت بوو... نالی
ـ خودا ئەم ئاینەی لایق بە بوبەکر و عومەر دیوە
کە (أول) (پانی) و (پانی) شەرەفیایە بە (لو کان)
لە بەعدی ئەم دووە عوسمانی (ژوالنورین)ە (ژوالانوار)
عەلی شاهی ویلایەت (بابی عیلم) و شێری یەزدانە
بەسەریانا بەسەر باقی صەحابەو ئال و یارانا
ببارێنێ خودا هەر ئان و سات و ساعە رێزوانە
بە نوری عەکسی پێغەمبەر ئەوەندە مونعەکیس بووبوون
غەریبی تازە هاتوو دەیگوت: ئەم پێغەمبەرستانە... مەحوی

بەڵام لای دادابییەکان ـ کە شەپۆلێکی تورە بوون، لە هەموو شتێك بێزار بوون، گوتیان: زمان نابێ واتای هەبێ، تیدی هەندێ لە شیعر و نووسینەکانیان کەس تێینەگەیشت، تەنانەت داداکان خۆشیان نەیاندەزانی واتای ئەم شیعر و نووسینانەیان چییە. بۆ نمونە:

گا لا
گا لا
گا لا
گا لا
گا لا
گا لا
گا لا
گا لا
گا لا
لا گا
لا گا
لا گا
لا گا
لا گا
لا گا
لا گا
لا گا... ئەنوەر مەسیفی

ـ لە ئەدەبی واقیعیش زمان ڕوون و ئاسان بووەوە، شێوازی سەرکەوتوو بووە ئەو شێوازە ڕوونەی هەمووان تێیبگەن:
ـ منداڵەکان
ئەوەی دەنکە گەنمێکی چاند، گوڵە گەنمی دروێنە کرد
ئەوەی دڵۆپێ خوێنی ڕژاند
تابلۆیەکی بۆ خۆی نەخشاند
ئەوەی تەنیا هاوارێکی لە دەم دەرچوو
گوێی لە سەدای دەنگی خۆی بوو
کەچی ئێمە سەدان ساڵە
کاسە سەر و چاو دەنێژین

بارانی خوێن بە سەریاندا دەبارێنین
کەچی ئێستاش وەرزی درووێنەیی ئێمە دیار نییە
تا گوڵە گەنمێکی کێڵگەی ئەو زەمینەشمان دیار نییە
منداڵەکان با ئەو زەمینە بگۆڕین .. کە چاوو کاسە سەر دەخوات
با ئەو جۆگایەش بگۆڕین.. کە خوێنمانی پێدا دەڕوات
ئەوجا وەرزی درووێنەتان پیشان دەدەم... عەبدوڵڵا پەشێو

پێنجەم: باری کۆمەڵایەتی جیاواز
بە گۆڕینی بارە کۆمەڵایەتییەکان شێوازی ئەدەب دەگۆڕێ.. بۆ نمونە:
+ لە کاتی ئاشتیدا یەك بە ئەوی تر دەڵێ:
سڵاوێکە دیاریان دیارە
لە دارو بەردی ئەو دار و دیارە... حاجی قادری کۆیی

+ لە کاتی ڕەخنەگرتن و بێزاریدا یەك بە ئەوی تر دەڵێ:
لازمە بۆ شێخ بەیانیان گورگە خەو
تا بڵێن: شێخ عابیدجەو نانوێ بە شەو... شێخ ڕەزا

+ لە سەرەتای هاوسەرگیریدا کوڕەکە بە شان و باڵی هاوسەرەکەیدا هەڵدەڵێ و بە وشەی جوان وەسفی دەکات:
تۆ گوڵی منی!
تۆ حەیاتی منی!
ژیانی من بێ تۆ مەحاڵە!

+ لە کاتی درووستبوونی کێشە لە نێوان دوو هاوسەرەکەو گەیشتنە باری جیابوونەوە.. پیاوەکە بە ژنەکەی دەڵێ:
گەورەترین بەڵا لە ژیانی من تۆی!!
تۆ ژیانی منت شێواند!!
لەگەڵ تۆ بم، لام وایە لە جەهەننەمم!!

**تەوەرەی چوارەم: شێواز لەبەرچی؟**

١ـ بۆ ئەوەی وتار کاریگەر بێ، زۆرترین کاریگەری درووستبکات و تا ڕاددەی قەناعەتکردن بە بەرامبەر و گۆڕینی ئەو بەرامبەرە، ئەرك ببینێ.

٢ـ بۆ ئەوەی بەرامبەر بێزار نەبێ لە بیستنی تاکە شێواز، چونکە ئەگەر یەك شێواز بەکارهێنرا، ئەوا هەرچەندەی بەهێزبێ، هەر لاواز و ناخۆش دەبێ و دەبێتە شێوازێکی سواو.

٣ـ بۆ ئەوەی ئەدەبییەت بەرهەم بێ و فەرهەنگی ئەدەبی نەتەوە پڕ لە داهێنان بێ.

## تەوەرەی پێنجەم: سەرچاوە بیرییەکانی شێوازەکانی ئەدەب و ئاخاوتن

هەموو ئەوانەی ئاخێوەرن، واتا قسەت بۆ دەکەن، یان ئەدیبن و شتت بۆ دەنووسن، تەنانەت خۆشت سەرچاوە بیرییەکانی شێوازەکانی ئاخاوتنیان بریتییە لە مانەی خوارەوە:

١ـ هەقیقەت.. ئەوانیش بریتینە لە سەرچاوەکانی:

أ ـ عەقڵ.

ب ـ ئاین.

ج ـ عیلم ـ زانست.. ئەم سێیەی پێشوو هەقیقەتن.. کەمترین کێشەین هەیە لە قەبوڵکردن لە لای بیسەر.

٢ـ مێژوو.

٣ـ خەون.

٤ـ کەلتور.

٥ـ پرووپووچ ـ خورافە.

ئەگەر هاتوو قسەکانی هەر یەکێك، نەدەچوونەوە سەر هیچ یەکە لەو سەرچاوانە، ئەو کاتی قسەکانی قسەکەرەکە، یان ئەدیبەکە بریتینە لە ڕای تایبەتی خۆی.. لە خوارەوە یەکە یەکە تیشکیان دەخەینە سەر:

### ١ـ هەقیقەت

ڕاستەقینەیەکی چەسپاوە، ئەقڵ و ئاین و زانستەکانی تر پلەی ڕاستی ڕەهایان پێداوە، بەلای هەمووانەوە ئاشکرایەو کەس ناتوانێ لاساری لێ بکات، یان پێچەوانەکەی بسەلمێنێ.. بۆ نمونە:

ـ یەك و یەك دەکاتە دوو، قەت ناگۆڕێ و ناکاتە سێ. حەسیب قەرەداغی

ـ با بێ، یان باران، هەر لە بەفری کەمدەکاتەوە. قسەی نەستەقی پێشینان

ـ هەفتە هەر هەفت ڕۆژە. قسەی سەرزاران

**ئەگەر لەم ڕستانەی سەروو بڕوانین**

ـ یەك و یەك دەكاتە دوو، قەت ناگۆڕێ و ناكاتە سێ.

هەقیقەتێكی بیركاری چەسپاوە، بەلای هەمووانەوە ئاشكرایەو كەس ناتوانێ پێچەوانەكەی بسەلمێنێ.

ـ با بێ، یان باران، هەر لە بەفری كەمدەكاتەوە.

هەقیقەتێكی سروشتی چەسپاوە، بەلای هەمووانەوە ئاشكرایەو كەس ناتوانێ پێچەوانەكەی بسەلمێنێ.

ـ هەفتە هەر هەفت ڕۆژە.

هەقیقەتێكی ڕۆژژمێری چەسپاوە، بەلای هەمووانەوە ئاشكرایەو كەس ناتوانێ پێچەوانەكەی بسەلمێنێ.

## جۆرەكانی هەقیقەت

### أ ـ هەقیقەتی ئاینی

ئەو هەقیقەتەیە كە قورئانی پیرۆز، یان فەرمودەكانی پێغەمبەری خوا (درودو سڵاوی خوای لەسەر) جەختیان لەسەر كردۆتەوەو هەڵیان ڕووبەڕوو نابێتەوە.. یان بە واتایەكی تر: ئاینێ بەرنامەیەكە لە ڕێگەی وەحی بۆ پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرەكان دادەبەزێت، بەرنامەكە هی خودایە و بۆ جێبەجێ كردنە، ئاخێوەری ئەم شێوازە پشت بە ئایەت و پەیامەكانی خوا و پێغەمبەرەكەی دەبەستێ، هەمیشە حەز دەكات ئەو شتەی دەیڵێ بە یەكێك لەم بەڵگە ئاینیانە پشت ئەستوری بكات و بەهێزی بكات بۆ ئەوەی پەیامەكەی خۆی بە باشی لە مێشكی بیسەرەكانی بچەسپێنێت.. بۆ نمونە:

ـ خودا ئەم ئاینەی لایق بە بوبەكر و عومەر دیوە

كە ئەووەل ثانی و ثانی شەرەفیاوە بە لەو كانە.. مەحوی

ئەووەل مەبەست لێی كەسی یەكەمە، كە لە نیوەدێڕی یەكەم ئاماژەی بۆ كراوە، كە سەحابەی بەڕێز (ئەبوبەكری صدیق)ە، (ڕازای خوای لەسەر).. شاعیر دەڵێت (ثانی)یە.. (ثانی)یەش ئاماژەیە بۆ ئایەتی قورئانی پیرۆز، كە تیایدا هاتووە: ﴿ثَانِيَ ٱثۡنَيۡنِ إِذۡ هُمَا فِي ٱلۡغَارِ﴾.. التوبە: ٤٠.

واتە: ئەبوبەكر دووەمی دووكەسەكانی نێو غار بوو، كە یەكەمیان پێغەمبەری خوا بوو (درودو سڵاوی خوای لەسەر)، دووەمیشیان خۆی بوو، كە پێكەوە لە مەككەی پیرۆزەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە هیجرەتیان كرد. ئەمەش هەقیقەتی دینییەو گۆڕانی بەسەردا نایێ.

سانی مەبەست لێی كەسی دووەمە، كە لە نیوەدێڕی دووەم ئاماژەی بۆ كراوە، كە سەحابەی بەڕێز (عومەری كوڕی خەتاب)ە، (ڕازای خوای لەسەر).. شاعیر دەڵێت شەرەفیاوە بە لەو كانە.. (لەو كانە).. ئاماژەیە بۆ فەرمودەی

پێغەمبەری خوا (درودو سلاوی خوای لەسەر) لە بارەی ئەم صەحابە بەرێزەی خۆی، کە تیایدا فەرموویەتی: ((لو کان بعدی نبی، لکان عمر)).. واتە: ئەگەر بهاتبووا لە پاشی من پێغەمبەرێکی دیکە بهاتبووایە، ئەویان عومەر دەبوو.
ئەمەش هەقیقەتی دینییەو گۆڕانی بەسەردا نایێ.

ـ نانی بدە سەی ، مەیدە سفلەی پیس
کافر باشترە لە دووڕووی نەگریس
دووڕوو = منافق .. لە فەرمودەدا هاتووە: إن المنافقین فی الدرك الاسفل من النار.. دەرك واتە تەبەقەکانی ژێرەوە، مەبەست تەبەقەکانی ئاگر و دۆزەخە.. مونافیق لە تەبەی هەرە ژێرەوەی دۆزەخە پەنا بە الله.
ئەمەش هەقیقەتی دینییەو گۆڕانی بەسەردا نایێ.

## ب ـ هەقیقەتی عیلمی

ئەو هەقیقەتانەیە، کە زانستەکان ئاشکرایان کردوون، ئەوانیش چەسپاون و گۆڕانیان بەسەردا نایێ.. بە واتا: عیلم حەقیقەتی بوون و پێکهاتەی شتە دیار و نادیارەکانی گەردوونە بە شێوەیەکی گشتی، ئەو حەقیقەتانە هەموویان هەنە و ئامادەن، زاناکان دەیاندۆزنەوە و بۆ خەلکییان ئاشکرا دەکەن.
ئاخێوەر لێرەدا قسەکانی خۆی لەسەر بنەمای زانست دادەمەزرێنێ، ئەوەی دەیلێ حەقیقەتێکی زانستییە، بۆیە کەمترین کێشەی هەیە بۆ قەبوول کردن لە لای بیسەر.
نموونە:
ـ چاوی مرۆڤ دەتوانێ دە ملیون ڕەنگ لە یەکتر جیا بکاتەوە.
ـ ئینسان لە ڕێگەی لووتیەوە دەتوانێ پەنجا هەزار بۆن لە یەکتر جیا بکاتەوە.
ـ دڵی مرۆڤی ئاسایی ئەوەی تەمەنی لە نێوان ٦٠ — ٧٠ ساڵە، نزیکەی ملیونێك و پێنج سەد هەزار بەرمیل خوێن لەو ماوەی تەمەنی خۆیدا دەپالێوێت.

ـ ئاو لە دوو گەرد هایدرۆجین و گەردێك ئۆکسجین پێکدێ.
ئەمانە هەموویان هەقیقەتی عیلمینە، عیلم کە لە پێکهاتەی ئاوی کۆڵیوەتەوە، وەهای بۆ دەرکەوتووەو چ گۆڕانێکی بەسەردا نایێ.

## ج ـ هەقیقەتی عەقلی

ئەو هەقیقەتەیە، کە عەقڵ جەختی لەسەردەکاتەوە، ئەویش چەسپاوەو گۆڕانی بەسەردا نایێ.. یان بە واتایەکی تر: عەقڵ بەری ئەزموونەکانی ئینسانە کەمترین کێشەی هەیە لە خستنەڕووی ئەنجامەکانی تەنانەت زۆربەی کێشەکانیش لە ڕێگەی عەقڵەوە چارەسەر دەبن.

ئاخێوەری ئەم شێوازە پشت بەعەقڵ دەبەستێت لە خستنەڕووی مەبەستەکانی، هەمیشە حەزدەکات ئەو شتەی دەیڵێت بە بەڵگەیەکی عەقڵی پشت ئەستوری بکات، بۆ ئەوەی پەیامەکەی خۆی بە باشی لە مێشکی بیسەردا بچەسپێنێت.. بۆ نمونە:

بۆ ئەوەی باران بباریێ، پێویستە هەور هەبێ، بەڵام مەرج نییە هەموو جارێ هەور هەبێ، باران بباریێ.

ئەمە هەقیقەتی عەقڵییە، عەقڵ کە لە سروشتی کۆڵیوەتەوە، وەهای بۆ دەرکەوتووەو ئەوەش چ گۆڕانێکی بەسەردا نایێ.

ئەوەی خوارەوەش چەند نمونەیەکی تری هەقیقەتی عیلمینە:

ـ دوو گوێ و زمانێ دراون بە تۆ

دوو ببیە و یەکێ بڵێ لە سەرخۆ.. پیرەمێرد

ـ لە هەموو هەورێك باران نابارێت.. پەندی پێشینان

ـ گیا لەسەر بنجی خۆی شین دەبێتەوە.. پەندی پێشینان

ـ چەپلە بە یەك دەست لێنادرێ.. پەندی پێشینان

**٢ـ مێژوو**

مێژوو تۆماری ڕووداوەکانی ڕابردووە، دروست وایە وەك خۆیی و بێ دەستکاری تۆماربکرێت، چونکە دەبێتە بەڵگە و شاهێدی ڕووداوەکان، بەڵام بێگومان زۆر بە کەمی نەبێ، مێژوو بە بێلایەنی و وەکو خۆی تۆمارناکرێت!

ئاخێوەر کاتێك مێژوو دەکاتە سەرچاوەی قسەکانی خۆی تا ڕادەیەك قسەکانی سەنگین و گرنگ دەبن، بەڵام بیسەریش بەبێ کێشە هەموو شتێکی لێقەبوول ناکا، هۆکارەکەشی ئەوەیە: وەکو گوتمان: زۆر جار مێژوونووسەکان کە تۆماری ڕووداوە مێژوویەکان دەکەن، بێ لایەن ناوەستن و فکری خۆیان تێکەل بە بنیادی ڕووداوەکان دەکەن، ئەوەش لای هەمووان قبوول نییە.

بۆ نموونە:

١ـ میقداد مەدحەت بدرخان لە ٢٢ نیسانی ١٨٩٨ ڕۆژنامەی کوردستانی لە قاهیرەی پایتەختی میسر دەرکرد.

٢ـ نالی شاعیرێکی گەورەی کلاسیکی کوردە.

٣ـ لە ١٦.. ١.. ١٩٤٦ پێشەوا قازی محەمەد لە ئاهەنگێکی جەماوەریدا ئاڵای کۆماری ئێرانی هێنایە خوارەوە و ئاڵای کوردستانی لەسەر بارەگەی سەرەکی حکومەتی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد بەرزکردەوە.

**٣ـ سەرچاوەی خەون**

لێرەدا ئاخێوەر خەون دەگێڕێتەوە.. لە ئەدەبدا ئەو خەونەی دەگێڕدرێتەوە، خەیاڵییەو دروستکراوە، بەڵام لە ئاخاوتندا ئەو خەونەی دەگێڕدرێتەوە، بە زۆری ڕاستەقینەیە، خەونبین چی بینیوە ئەو دەگێڕێتەوە، جاری واش هەیە، درۆی تێکەڵ دەکات، یانیش دەشێ هەر لە بنجدا خەونی نەدیبێت و درۆیان بکات.

### ٤ـ سەرچاوەی کەلتوری

کەلتور ئەگەر ئەدەبی پێشووتر نووسراوبێ، یان هەقایەت و پەندەکانی سەرزاری بێ، یان نوکتەی میللی بێ، یان هەر شتێکی تر بێ، ئەوەش دەبتەوە سەرچاوە بۆ ئاخێوەران و ئودەبا بە گشتی، ئەوانەشی قسە بەم بەرهەمانە دەکەن، کێشەیان کەمتر ڕووبەڕوو دەبتەوەو زووتر دەگەنە مەبەست.

دەبینین زۆر جار ڕۆمانەکان، هەقایەت و ئەفسانەو نوکتە میللییەکان، یان شیعرە بەهێزەکان لە خۆیان دەگرن و خۆیانی بە هۆوە بەهێز دەکەن.

### ٥ـ سەرچاوەی پڕووپووچ ـ خورافە

پڕووپووچ: بیرێکی بێ بنەمای نابەجێیە، پێچەوانەی ئەقڵ و ئاین و هەقیقەتە زانستییەکانە، بەری سەردەمی نەزانی و بیری نەزانییە، زیانبەخشەو دواکەوتن دروست دەکات.. بۆ نمونە:

١ـ هێند مونتەزیری تۆ بوو هەتا چاوی سپی بوو

نێرگز کە لەسەر یەك قەدەم و دیدە چەقی بوو... نالی، خەزنەدار، لا ٨٣

٢ـ قەلەڕەش سپی بوو، بەڵام درۆی لەگەڵ کیژی پاشای کرد، ئەویش دوعای لێکرد، بۆیە بەم شێوە ڕەش بوو. (پڕووپووچی سەرزاری)

٣ـ ئەوەی حەزرەتی ئیبراهیمی لە ناو ئاگرێ خست کورد بوو، ئەویش دوعای لە کوردان کرد نەبنە هیچ، لۆیە تا ئێستاش نابنە هیچ!! (پڕووپووچی نەیارانی کورد)

٤ـ سوڵتان ساهاك گۆپاڵێك دەداتە دەست پیر ئیسماعیل بۆ ئەوەی بیچێنێت، ئەویش فرمانەکە بەجێدێنێ و گۆپاڵەکە دەچەقێنێ، پاش ماوەیەك گۆپاڵەکە دەبتە دار هەنار و هەنار دەگرێت!!!... پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، لا ٢٦٦

٥ـ سوڵتان سەهاك فەرمان بە داود دەکات ئەو منداڵە بخەنە ناو تەندوور، ئەویش دەیخاتە ناو تەندوری پڕ ئاگر، پاش سێ شەو و سێ ڕۆژ کە سوڵتان سەری تەندورەکەی هەڵدایەوە، بینی منداڵەکە لەژێر خۆڵەمێشی تەندورەکە هەستایە سەر پێ و سەلامی لە سوڵتان سەهاك کرد. پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، لا ٢٦٥

٦ـ لە کتێبی (مروج الذهب)ی (مەسعودی) لە بارەی کوردانەوە وەها نووسراوە: (کاتێك حەزرەتی سلێمان دەسەڵاتی لاواز دەبێ، کۆمەڵێك جنۆکە لەسەر شێوەی مرۆڤدا خۆیان دەکەن بە حەرەمسەراکەیداو کۆمەڵێك لە کەنیزەکانی لەو جنۆکانە زکیان پڕ دەبێ، کاتێك حەزرەتی سولەیمان دووبارە بەهێزدەبێتەوە، فەرمان دەدا ئەو

کەنیزەکانە دەرکەن، ئەوانیش دەریاندەکەن و ئەو کەنیزەکانە بە ناچاری ڕوو دەکەنە ناوچە شاخاوییەکان، لەوێ لەو زگانەی دایان دەنێن، کورد دروست دەبێ).. پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، لا ١٩٥

٧ـ سێ جار سێ بەردان لە دەست بگرەو هەڵیدە ناو ئەو جۆڵانە بچووکەی لەسەر ئەو قەبرەی هەیە، ئەگەر جۆڵانەکە کەوتە هات و چوون، ئەوە مرازت حاصڵ دەبی، ئەگەرناش ئەوەی بە تەمای بووی، بۆ تۆ نابێ.

٨ـ فلان ئەوەندە پیس بوو، لۆیێ بەو نەخۆشیە پیسەی چوو!

ـ مەیمون دەستنوێژی بە شیری شوشت، خودا غەزەبی لێگرت و کردییە مەیمون.

لەم نمونەیەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە مەیمون لە بنجدا مەیمون نەبووە، بەڵکو ئینسان بووە، غرور بووەو گوناهی گەورەی کردووە، بۆیە خودا کردوویەتییە مەیمون، بەڵام لە ڕاستیدا مەیمون هەر هەبووە، خودای گەورە وەکو یەك لە مەخلوقاتەکانی خۆی خولقاندوویەتی، نابێ بەو سوکییە تەماشای ئەو مەخلوقەی خودا بکەین و زوڵمی لێبکەین، چونکە ئەویش وەکو هەر مەخلوقێکی دیکەی خودا، بەستەزمان و بەرێزە.

بیرە پرووپووچەکە لەوە دایە، بەم سوکییە تەماشی مەخلوقێکی خوای گەورە بکەی و ناشرینی بکەی، کە شتی وەها نارەوایە.

بۆ ئەوە دروستکراوە، سوکارەتی بەم مەخلوقە بکرێت.

هۆی ئەمە: کۆمەڵایەتییە، لەبەر ستەمی بەردەوامی جولەکەکان لە غەیری خۆیان، مەسیحییەکان و هەندێ لە موسلمانەکان بۆ ناشیرنکردنی جولەکەکان ئەم پرپووچەیان بەکارهێناوە، ڕاستە کاتی خۆی هەندێ لە جولەکەکان ـ کە تاوانیان کرد، خوای گەورە کردنی بە مەیمون ـ بەڵام زانایان هەندێکیان لەو باوەڕە دانە، پاش ئەوە ئەوان یەکسەر مردن و ئەو مەیمونانەی ئێستاکە لەوان جولەکان نینە، هەتا بە سوکی و ڕیسوایی تەمشا بکرێن، بەڵکو مەیمون پێش ئەوە ڕووداوەش هەر هەبووە.

٩ـ چۆڵەکە جیقنەی بەسەر هەر یەکێکدا بکات، ئەو کەسە دەوڵەمەند دەبێ.

١٠ـ چوارشەممان خۆتان مەشۆن.

١١ـ سێشەممان ڕیشتان مەتاشن.

١٢ـ ئەگەر تاکەکی پێڵاوەکەت بکەوتە سەر تاکەکی، سەفەرەکت دێتە پێش.

١٣ـ بە تەمای سەفەری بی و بپشمی، سەفەرەکەی مەکە.

١٤ـ ژنەکانی قەڵای دمدمی، لۆ ئەوەی نەکەونە دەست دوژمنی، خۆیان لەسەر قەڵاتێ فڕێ دا، بوونە کۆتر و هاتن لێرە نیشتنەوە.

١٥ـ نێرگز بە جوانی خۆی سەرسام بوو، هەتا کەوتە نێو ئاوو نغرۆ بوو. (یۆنانییەکان)

١٦ـ چۆلەکە لە حەوشەتان بجریوێنێ، مانای ئەوەیە میوانتان دێ.

١٧ـ دەستی چەپت بخورێ، پارەی ون دەکەی.

١٨ـ دەستی ڕاستت بخورێ، دەولەمەند دەبی.

١٩ـ جاران وەکو بوکیان دەگوازتەوە، منداڵەکی کوڕیان دەهاویشتە باوەشی، دەیانگۆ: لۆ ئەوەی نۆبەرەی کوڕ بێ.

٢٠ـ مریشك وەكی كەڵەشێری بخوێنی، سەری صاحێبی دەخوا.

٢١ـ ئەگەر منداڵی شیرەخۆر دەستەكانی بچووقێنێ، مانای ئەوەیە بەخیل دەردەچێ.

٢٢ـ ئەگەر منداڵی شیرەخۆر دەستەكانی بكاتەوە، مانای ئەوەیە سەخی دەردەچێ.

٢٣ـ كچ و كوڕی جاحێڵ نابێ منداڵی خەڵكییان خۆش بووێ، دەنا ژن بێنن، یان شوو بكەن، بە خۆیان منداڵیان نابێ.

٢٤ـ ئەو كەسەی گوێز بچێنێ، تەمەنی كورت دەبێ.

ڕاڤەو ڕوونكردنەوە

١ـ لە هەموو ئەو نموونانەی سەرەوەدا، شتێك نەگوتراوە عەقڵ قەبوڵی بكات.

٢ـ هەموو ئەو نموونانەی سەروو، هیچ بەڵگەیەكی زانستی، یان ئاینییان نییە.

٣ـ هەموو ئەو نموونانەی سەروو، بۆ بەرژەوەندی كەسانێكی بەرژەوەندخواز دروستكراون.

٤ـ هەموویان لەسەر بنەمای چەواشەكاری بنیاتنراون.

٥ـ ئەو نموونانەنە لە ئەدەب و ئاخاوتنیش زۆرن، بە تایبەت لای ئەوانەی كە هەق و ناهەق لەیەكتری جیاناكەنەوەو هەرش تەكیان بیست، بە گرنگی دەزانن.

## ٦و٧ـ ئەزمون و ڕا

### ٦ـ ئەزمون

ئەزمون بەری تاقیكردنەوەیەكی كورت، یان درێژە، بووەتە هەقیقەتێكی چەسپاو بەلای خاوەنەكەی، بۆیە وەكو كەسێكی زاڵ ئەزمونەكەی خۆی پێشكەش دەكات و پێی وایە ئەوەی دەیڵێ نزیكە لە هەقیقەتێكی چەسپاو و گۆڕانی بەسەردا نایێ.

### ٧ـ ڕا

بیرێكی دروستبووی كاتی و كتوپڕە لەسەر بابەتێك، یان ڕووداوێك، یان هەر شتێكی دیاریكراو، زۆر تایبەتەو لەلای خەڵكانی دیكە ڕای دیكەش و تەنانەت پێچەوانەكەشی ئامادەیە، زۆربەی جارەكان ناگاتە ئەنجام و دوای ماوەیێكی كەم، یان درێژتر دەردەكەوێت هەڵە بووەو تەنانەت خاوەنی ڕاكەش زۆر جار ڕای دەگۆڕێ و پەشیمان دەبێتەوە.

## چەند نموونەیەك بۆ (ئەزموون) و (ڕا)

گروپی (أ)

- باری لار ناگاته جێ.

- خەڵك بە پرسیاران دەچنە بەغدایێ.

- ڕێی هەزار سەدە ئێستری بە شەقاوەکی دەست پێدەکات.

گروپی (ب)

- نە لە شارو نە لە دێ نەمدی کەس

وەك تۆ جوان بێ تۆیت و بەس. گۆران، لا ٢٨

- هەڵبەست و وێژە، مۆسیقاو وێنە

هونەری جوانن هەر سێ بێ وێنە... عەونی ٢٢٧

- درۆ دڵسۆزە، درۆ ئاشنایە

لەلای درۆزن تاکو تەنیایە... ع.ع. شەونم، ٢٣٧

- پشیلە نۆ ڕوحی هەیەو ژنیش ڕوحی نۆ پشیلەی هەیە. پەندی ئینگلیزان، ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ:١٠، لا ٨

## ئەگەر لەم ڕستانەی سەروو بڕوانین، دەبینین ڕستەکانی گروپی (أ)

- باری لار ناگاتە جێ.

بەری ئەزمونێکە، زۆربەی جارەکان وابووە، ئەو بارەی بە لاری لەسەر پشتی وڵاغەکە بارکراوە، یان ڕاست بارکراوەو لە پاشان لاربۆتەوە، ئیدی نەگەیشتۆتە جێ و لە شوێنێکدا وڵاغەکەشی بەلای خۆیدا خستووەو بە زیان بۆ خاوەنەکەی تەواو بووە، ئەم شتە سەدان و هەزاران جار و لەلایەن هەموو خەڵکی هەروەها بووە، بۆیە بووەتە ئەزمونێکی چەسپاو.

- خەڵك بە پرسیاران دەچنە بەغدایێ.

بەری ئەزمونی خەڵکە، لە کۆنەوە بینیویانە ئەو کەسەی پرسیاری لە بارەی نەزانراوەکان کردووە، زۆر بە ئاسانی بە مەرام گەیشتووەو ئەوەی مەبەستی بووبێ با دۆزینەوەی شارێکی دووری وەکو بەغداش بووبێ - کە ڕاستە ئێستا نزیکە، بەڵام جاران لەبەر بێ ڕێگایی و بێ هۆکارەکانی گواستنەوە بەغدا لە ڕووانگەی خەڵکیکوردستان زۆر دوور بووە - هەر دۆزیتیەوەو پێی گەیشتووە، ئەمەش دەیان هەزار جار و لەلایەن هەموو خەڵکی هەروەها بووە، بۆیە بووەتە ئەزمونێکی چەسپاو.

ـ ڕێی هەزار سەدە ئێستری بە شەقاوەکی دەست پێدەکات.

ئەوەش ئەزمونی هەموانە، ئینسان ئەگەر لە ماڵ دانیشێ و هەڵنەستێ شەقاو بە شەقاو بەرەو مەبەستەکانی بچێ، هەر لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوەو هەر ناگاتە ئەنجام، بەڵام ئەگەر ناوی خوای هێناو دەستی کرد بە شەقاو هەڵگرتن، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەگاتە شوێنانی مەبەست، ئەمەش سەدان هەزار جار و لەلایان هەموو خەڵکی هەروەها بووە، بۆیە بووەتە ئەزمونێکی چەسپاو.

## بەڵام هەرچی ڕستەکانی گروپی ( ب ) ن :

ـ نە لە شارە نە لە دێ نەمدی کەس

وەك تۆ جوان بێ تۆیت و بەس

ئەمە ڕای یەکێکە لەوانەی دەیانەوێ سەرنجی کچێ بۆ خۆیان ڕاکێشن، بێگومان هەقیقەتی ڕەها نییەو بەلای هەموانەوە ئەو کچە لە تەواوی کچانی تر جوانتر نییە، کەوابێ ئەوەی لە ڕستەکە هاتووە، ڕای کەسێکەو مەرج نییە چەسپاو و هەمیشە ڕاست بێ.

ـ هەڵبەست و وێژە، مۆسیقاو وێنە

هونەری جوانن هەر سێ بێ وێنە

ئەوەش ڕای شاعیرە، کە تەنیا کەسێکە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی باسی کردوون، هەموویان دەکەونە خانەی کەمالیات، نەك پێویستییەکان، بۆیە گرنگی و بایەخ و بێبایەخی و سوود و زیانیان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێ، یەکێك زۆریان حەز پێ دەکات و دە کەس زۆری ڕق لێیان دەبێ، چونکە لە وڵاتێ بۆ وڵاتێ و لە کەسێکیش بۆ کەسێکی تر بە پێی گۆڕانی تەمەن و ئەقڵ و بیرکردنەوەو ئەو هەڵوێستەی تیای دەکەوێ، ڕا لە بارەی ئەو شتانە دەگۆڕێ، کەوابێ ئەوەش ڕای کەسێکەو مەرج نییە چەسپاو و هەمیشە ڕاست بێ.

ـ درۆ دڵسۆزە، درۆ ئاشنایە

لەلای درۆزن تاکو تەنیایە

ئەوەش ڕای کەسی درۆزنە، کە ژیانی بە درۆ دەباتە سەر، دەنا هەموو کەس دەزانێ درۆ قێزەونە، نەفرەتهێنە، بۆیە هەمیشە ناچەسپێ و هەمیشە پێچەوانەکەی ڕاستە.

ـ پشیلە نۆ ڕوحی هەیەو ژنیش ڕوحی نۆ پشیلەی هەیە. پەندی ئینگلیزان، ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ:١٠، لا ٨

ئەوەش ڕای خەڵکێکە، کە لە ژنەکەی بێزارەو ویستوویەتی زوو بمرێ، بەڵام زوو نەمردووەو خوای گەورە تەمەنی ژنەی درێژکردۆتەوە، کابرای مێردی ژنەش زۆری ڕك لە ژنەی بۆتەوە، بۆیە وەهای گوتووە، چەسپاو نییەو ڕایە، ئەگەر بەلای یەکێك ڕاست بێ، بەلای زۆرکەس ناتەواو ڕاست نییە.

## جیاوازی نێوان ئەزمون و ڕا

| ڕا | ئەزمون |
|---|---|
| بەری تێبینییەکی کاتی و کتوپڕە | بەری تاقیکردنەوەی دوورو درێژە |
| چەسپاونییەو ئاسایی ڕەتدەکرێتەوە | چەسپاوەو ناکرێ ڕەتبکرێتەوە |
| کەم سوودە، زوو بەسەردەچێ، هی مانەوەو ئەزبەرکردن نییە | بەسوودەو وەکو دەرس لە بیری بیسەر دەمێنێتەوە |

## تەوەرەی شەشەم: جۆرەکانی شێواز

### یەکەم: جۆرەکانی شێواز بە پێی جۆری بابەتەوە

ئەو بابەتەی لە دەقەکاندا دەخرێنە ڕوو، دەشێ ئاینی، یان سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یان پەروەردەیی، یان هەر شتێکی تر بن.. واتە شێواز بە هۆی بابەتەوە، دەبێتە شێوازی ئاینی، یان سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یان پەروەردەیی و بەم شێوەیە.. بۆ نمونە:

- بۆ ژیر و خاوەن دیدە

بوون بۆ بوونی شاهیدە... جەمال بێدار

بابەتی ئەم دەقە ئاینییەو گوزارشتە لە شایەدی دان بۆ وەحدانیەت و وجودی الله (سوبحانەهو وەتەعالا).

- دوێنێ چ بوو دەتدا بە زوبان لافی کەرامەت

ئەمڕۆ نەدەمت بوو نەدەمت بوو نەدەمت بوو... نالی

بابەتی ئەم دەقە ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە. شاعیر سەرکۆنەی ئەو کەسە دەکات، کە هەتا دوێنێ بە پۆستەکەی دەخوری و ئەمڕۆ کە لێی کەوت، قسەی نەما بیکات.

ـ ئومێدی سەر لە سەر دەرکەن ئەوانەی ڕاست و ڕووناکن
قەڵەم هەر سەر قەڵەم مۆم بۆ مقەست هەر بۆ ئەویش چاکن... پیرەمێرد
بابەتی ئەم دەقە سیاسییەو شاعیر دەریدەخات، کە کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو نییە، بۆیە خەڵکی کورد سەرناکەون.

ـ گەر ڕەفیقت یاری صادق بێ چ باکی ڕێگەتە
گەر کەسی بەدخوت لەگەڵدا بێ جەهەننەم جێگەتە... جەنەڕاڵ ئەمین فەیزی بەگ
بابەتی ئەم دەقە پەروەردەییە، بۆ ئامۆژگاری و پەروەردەکردنی بیسەر هاتووە، تا بزانێ کێ بۆ خۆی بکا بە برادەری خۆی.

## دووەم: جۆرەکانی شێواز لە ڕووی دارشتنەوە

### ١ـ شێوازی سروشتی

ئەو دەربڕینەیە کە زۆر بە ئاسایی لە دەم دەردەچێ و چ سنعەتکاری و دەستکارییەکی پێوە دیار نییە.. بۆ نموونە:
بە قسەی سادە برسیی تێر نابێ
عەمەلە عززی دین و دونیا بێ.. حاجی قادری کۆیی.

### ٢ـ شێوازی داهێنراوی تایبەت

لێردا دەربڕین بە شێوەیەکە، تایبەتمەندی وەهای تیایە، کەس پێشتر شتی وەهای نەبیستووە، بۆ نموونە:
بە سەرسامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم
شریتی عومری ڕابردووم وەکو خەو دێتە بەر چاوم... ئەحمەد هەردی
پێشتر کەس تەعبیری وەهای نەبیستووە، لە داهێنراوە جوانەکانی ئەحمەد هەردییە.

### ٣ـ شێوازی داهێنراوی گشتی

ئەو شێوازەیە، کە قسەو دەربڕینەکانی بەسەر تەواوی زارەکانەوەن، شتی تازە نینە.. بۆ نموونە:

گیانی شیرینم لەبەرچی هێندە بێمەیلی دەکەی؟!
گیان لە جیانی ئازیزێ: بەکارهێنراوە، هەموو کەسێك بە ئازیزی خۆی دەڵێ گیانەکەم، هیچ تایبەتمەندییەکی تیا نییەو شتێکی گشتییە.

### ٤ـ شێوازی هەڵە

ئەوەیە قسەو دەربڕین بنەماکانی ڕستەسازی، یان بنەماکانی ئەخلاق و یاسای بە هەڵە خستبێتە ڕوو.. بۆ نمونە:
ـ ئەمن هاتم لە شار.
ئەم ڕستەیە لە ڕووی ڕستەسازییەوە شێوازەکەی هەڵەیە، دەبوو بڵێ: ئەمن بۆ شار هاتم.. چونکە مەبەستەکەی ئەوە بوو. لە هەولێردا ئەمجۆرە هەڵەیە لە نێو تورکمانەکان هەیە، ئەوانەی بە باشی کوردی نازانن وەها قسان دەکەن.
ـ هەموو بانە سەر دەچێتەوە ڕێیەك.. فەرهاد پیربال، سپیاتی ناو ڕەش
ئەم ڕستەیەش پێکهاتەی سینتاکسی تێکدراوەو واتای شێوێنراوە، ئەصڵەکەی: هەموو ڕێیەك دەچێتەوە سەر بانە.

ـ بە ئارەزووی خۆتان درۆ بکەن، وەها نەبی سەرناکەون.
ـ هەتا دەتوانن توندو تورە بن، با خەڵك لێتان بترسێ، دەنا تەمەنتان درێژ نابێ.
ئەم دوو ڕستەیە هەردووکیان لە ڕووی ئەخلاقییەوە شێوازەکانیان شێوازی هەڵەیە، چونکە ئینسان دەبێ بە نەرمی و بە یاساو بە ئەخلاق بجولێتەوە، وەها تەمەنی درێژ دەبێ.

### ٥ـ شێوازی هاتوو

ئەو شێوازەی زمانانی ترە، کە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دێتە نێو زمانی نەتەوەیی.. بۆ نمونە:
قوتابییەکان بە ئاهەنگێك هەڵسان.
ئەمە شێوازی زمانی نەتەوەیی کوردان نییە، کورد دەڵێن:
قوتابییەکان ئاهەنگێکیان گێڕا.

### ٦ـ شێوازی شێوێنراو

ئەو دەربڕینەیە کە قسەی یەکێکی وەرگرتبێ و شێواندبی، وەکو لە ئەدەبیاتی هاوچەرخ ئەم شتە زۆرە.
لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیدا فەرهاد پیرباڵ ئەگەر تاکە شاعیر نەبێ، کە کاری لەسەر ئەم جۆرە ئایدیایە کردووەو فۆڕمی کلاسیك و نوێی شێواندووە، ئەوا یەکەمینی ئەو شاعیرانەیە، کە بەم شێوەیەی کاریکردووە، گەلێك وێنەی لە کتێبەکانی (پەناهەندەی ژمارە ٣٣٣٣٣ سەرجەم شیعرەکان) و (جوایەز) و (پێنج کتێب و نیو) بلاوکردۆتەوە.
شێوازەکانی ئەم فۆڕمە

ئەم فۆرمە وەکو ئاماژەی بۆ کرا: تێکستێکی بنجی دێنێ و بە شێواندنی دەیکاتە بناغە بۆ داهێنانی تێکستێکی نوێ، ئەوەش بە دوو جۆر:

١ـ تێکستە بنجییەکە دێنێ، هێڵی ڕەش بەسەر زۆربەی ڕستەو دەستەواژەکانیدا دێنێ و بەم شێوەیە دەیانسڕێتەوە، سەرەنجام ئەوەی دەمێنێتەوە، تەنیا چەند وشەو ڕستەیەکی زۆر کەمە، دەیانخاتە نێو چوارچێوەو بە لێکدانیان بروسکە شیعرێك دروست دەبێت.

٢ـ تێکستە بنجییەکە دێنێ، کە وێنەیەکە، دەیخاتە نێو چوارچێوەیەك و بە تەواوەتی دەیسڕێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە بۆشاییەکی سپییەو لەژێرەوە، یان لە سەرووی وێنەکەوە شاعیر بیرۆکەکەی خۆی دەنووسێ، بەوەش شیعرێکی تابلۆیی دروست دەبێت، یان دەشێ لە بنجدا هەر چ وێنەییێکیش نەهێنێ، بەڵام لە تێکستە نوێیەکەی وای پیشان بدات، ئەوەی ماوەتەوە، پاشماوەی وێنەییێکی دیکەیە، وەکو لە نووسینەکەی خۆی ئاماژەی بۆ دەکات.

## سێیەم: جۆرەکانی شێواز لە ڕووی تێکستەوە

بە هۆی تێکستەوە، شێوازی دەق دەشێ شێوازی شیعری، یان پەخشانی بێ.. ئەگەر شیعری بوو، دەشێ شێوازی کلاسیکی بێ، یان شێوازی میللی بێ، یان شێوازی نوێ و هاوچەرخ بێ.. ئەگەر پەخشانی بوو، دەشێ شێوازی هەقایەت بێ، شێوازی چیرۆکی نوێ بێ، شێوازی وتاری بێ و ... بەم شێوەیە.

## چوارەم: جۆرەکانی شێواز بە هۆی فەلسەفەی بنیاتنانەوە

### ١ـ شێوازی نەقڵی

شێوازێکی وەرگیراوە، شت لە سەرچاوەی لەیەکجیاوە وەردەگرێ و وەکو خۆی بۆ بیسەر، یان خوێنەری دەگوازێتەوە، ئیدی ئەو وەرگیراوە هەرچییەك بێ و ئایا بۆ بەرامبەر گونجاو و بەسوود بێ، یان نا.. بۆ نموونە:

ـ تۆ ئاگادار نی لەوەی، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أن أكرمكم عند الله أتقاكم﴾.. واتە: (باشترینتان لە لای خودا.. ئەوەیە، کە لە هەمووتان لەخوداترسترە)!

ـ پێشینان گوتوویانە: (کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە)!

ـ ئەڵمانەکان دەڵێن: (خودا چاکمان دەکاتەوەو پارە دەدەینە دکتۆر)!

ـ والییەك بە ئەعرابییەك دەڵێ: هەق بڵێ، ئەگینا لێدانێکت بۆ دەکەم ئێشت پێ دەگەینم.

ئەعرابییەکە وەڵامی دەداتەوە: دە کەوابێ تۆش کار بە هەق بکە!! چونکە وەڵڵاهی ئەوەی خودا لەسەر کار نەکردن بە هەق وەعدی بە یەکێکی وەکو تۆ داوە، زۆر گەورەترە لەوەی لەسەر هەق نەگوتنم تۆ وەعدت بە من داوە!!

وەڵامی ئەعرابییەکە شێوازێکی نەقڵییە، لە ئاین وەرگیراوە، بۆ چەسپاندنی قسەکەی خۆی، ئەو قسەیەی ئاراستەی زاناکەی کردبوو.

تایبەتمەندییەکانی ئەو شێوازە ئەوەیە:

أ ـ لە سەرچاوەی لەیەکجیا شت وەردەگیرێ و دەگوازرێتەوە.

ب ـ مەرج نییە هەموو قسەکەرێك تێکستە وەرگیراوەکان بە درووستی بگوازێتەوەو زۆر کەس هەڵە دەکات لە گوازتنەوەیان، کە بەوەش جوانی تێکستەکە دەفەوتێ و مانای مەبەست بە باشی ناگات.

ج ـ مەرج نییە هەموو کەسێك لە بەکارهێنانی سەرکەوتوو بێ، چونکە لەوانەیە ئەو شتەی دەیگوازتەوە، هیچ پەیوەندی نەبێ، بەو هەڵوێستەی تیایدا پێشکەشی دەکات.

د ـ هەموو جارێك بیسەر، یان خوێنەر، مەرج نییە لە ئاستی تێگەیشتنی ئەو تێکستە بێ، کە بۆی دەگوازرێتەوە، جا ئەمە چ لەبەر هەندێ لە وشەو دەستەواژەکانی بێ، هەروەها چ لەبەر کۆی ئەو پەیامەی بێ، کە گوزارشتی لێ دەکات.

هـ ـ لە رووی هێزەوە، شێوازی تێکستی وەرگیراو و شێوازی ئاخاوتنی قسەکەر، یان نووسەر، زۆرجار لە یەك ئاست نین، بەوەش جیاوازی لە هێزی ئەو تێکستە درووست دەبێ، کە قسەکەر پێشکەشی دەکات.

**٢ـ شێوازی ئەقڵی**

ئەم شێوازە شێوازێکی ئەقڵی گرنگە، بریتییە لەوەی شاعیر، یان نووسەر لەسەر شێوازی کەلامییەکاندا بەرگری لەو بیرەی خۆی بکات، کە پێشکەشی دەکات و بەرگریکردنەکەیشی لە بیرەکەی خۆی بە بەڵگەی ئەقڵی وەهابێت، بەرانبەر چ بیانوویێکی بۆ نەمێنێتەوەو یەکسەر بڕوای پێبکات. بۆ نمونە:

ـ لە کابرایەکی کوردیان پرسی خودا چەندە؟

وتی: هەر یەکە

وتیان: بەچیدا دەیزانی؟

وتی: بە ئاشەکەی ماڵی لالەما.

وتیان: چۆن؟

وتی: ئاشەکەی لالەم تا هەر هی خۆی بوو، باش ئەگەڕا، بەڵام لەو ڕۆژەوەی بوو بە شەریك لەگەڵ حەمەی میروەیسدا، ئیتر پەکی کەوت! ئەم دنیایەش هەروایە، ئەگەر خودا یەکێکی تری لەگەڵ بووایە، هەر لە زووەوە ئەم دام و دەزگایە تێك دەچوو.

لەم پارچەیەدا، دەبینین کابرای پرسیارلێکراو، بۆ ئەوەی پرسیاری بەرامبەرەکانی بەکۆتابێنێ و ئیتر وایان لێبکات بڕوا بێنن، دێت بەڵگەیەکی جوانیان بۆ دێنێتەوەو پاڵپشتییەکی بەهێز بۆ قسەکەی خۆی دێنێتە پێش.

ـ پیاوەتی تا ڕەنج نەدەی دەست ناکەوێ
شەوقی نابێ، خۆی نەسووتێنێ چراغ... عەونی
نیوەدێڕی دووەم بەڵگەی نەقڵییە، شێوازی کەلامییە بۆ چەسپاندنی پەیامی نیوەدێڕی یەکەم.

ـ ئەتۆ خۆت بوویە گورگی مێگەڵی خۆت
ئیتر کێ بیت و دڵسۆزی بکا بۆت
لە خوێندا سوور بووە دندوکی ئاڵت
ئەبێ بیگریە ئەستۆی خۆت وەباڵت... هێدی
بەڵگەکە نەقڵییە، ئەگەر ئادەمیزاد خۆی بووە دوژمنی میللەتی خۆی، ئیدی کێ لە بۆیان دەبێتە دۆست، بێگومان کەس نابێ بە دۆست لە بۆیان.

ـ بە دەستی خۆت، کە جامت خستە سەر لێوت خەشیمانە
ئەگەر ژەهریشی تێدابوو، گوناهی خۆتە بیزانە... ئەحمەد هەردی
بەڵگەکە نەقڵییە، ئەگەر ئادەمیزاد خۆی بووە هۆی هێنانی خراپە بەسەر خۆی، ئیدی بۆچی گلەیی لە یەکێکی دیکە بکات؟! نا! دەبێ بەرگەی کردەوەکانی خۆی لە دونیاو لە دواماییش بگرێ.

ـ زانایێك بە منداڵێك دەڵێ: ئاگات لەخۆ بێ نەکەوی؟!
منداڵەکە وەڵامی دەداتەوە: نەوەڵڵا تۆ ئاگات لەخۆ بێ نەکەوی! چونکە کەوتنی من ئاسانە، ئەوپەڕی قاچێکم دەشکێ، بەڵام ئەگەر ئەتۆ بکەوی، ئەوا ئوممەتێکت لەگەڵ دەکەوی؟!
شێوازی وەڵامی منداڵەکە شێوازێکی نەقڵی حاشاهەڵنەگرە، کاریگەرە، بۆ قەناعەت کردن بە زاناکە.

ـ شێخ ڕەزا لە شیعرێکی فارسیدا ڕووی لە پێغەمبەری خوا دەکات (درودو سڵاوی خوای لەسەر)، واتاکەی بە کوردی ئەوەیە: ئەی ڕەسولوڵڵا.. سەگی ئەسحابی کەهف چووە بەهەشت، منیش سەگی ئەسحابی تۆم، ئەدی من بۆچی نەچمە بەهەشت؟!
شێوازێکی عەقڵی بەهێزە، شاعیر دەستی پێوەدەگرێ بۆ چوونە بەهەشتی خۆی.